لە پێناو لە بیرنەکردنی قوربانیانی، دکتاتۆریی و ڕەگەزپەرستیی و تووندوتیژیی سەدامیەکان لە عێراق دا!

لە یادی ماتەمینی ساڵانەی پەلامار و قەسابخانەی ئەنفال و هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق دا



کازم حبیب
و. جیهاد محەمەد حەمەکەریم

لە مانگی فەبروەری ١٩٨٨ و لە دوا مانگی جەنگی عێراق ـ ئێران دا، ڕژێمی عێراقی بەسەرچوو پەلامارێکی سەربازی فراوانی بەرپاکرد بە ناوی "ئەنفال" دژی گەلی کوردستانی عێراق و هێزی پێشمەرگە ـ تیایدا هەموو دەسگا سەرکوتکەرەکانی بەکار هێنا بە ژمارەیەکی گەورە لە هێزی سوپا و هێزی تایبەت و جاش و دەسگاکانی ئاسایش و هەواڵگری سەربازی و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی هێرشبەر، کە لەو ڕۆژەدا، ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرو ڕەگەزپەرستیی سەدامییە لە دەستیدابوو.

لە ١٦.٣ ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٨دا هێزی فرۆکەوانی عێراقی، هەستا، بە بۆمبارانکردنی خەڵکی سڤیلی شاری هەڵەبجە، بە چەکی کیمیایی، کە ٥٠٠٠ هەزار مرۆڤ لە منداڵ و ژن و پیاو و پیر و لاو، بوونە قوربانی، زیاتر لە ٥٠٠٠ هەرزار کەسی تریش بریندار بوون، و گەیندرانە ئێران، بۆ چارەسەرکردن.

پرۆسەی ئەنفال، دریژەی کێشا، تا مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٨٨، ئەم تاوانە، لەو جیگانەی کە جێبەجێکرا خەڵکێکی سادەی دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکانی تیا بێسەروشوێنکرا، بە نزیکە هەموو کوردستانی گرتەوە، و بووە هۆی لە ناوچوونی ١٨٢ هەزار مرۆڤ.

لە ماوەی چەند ساڵی پێشودا، بە دەیان گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرانەوە، کە لاشەی ئەو خەڵکە ئەنفالکراوەی تیا بوو، زۆریان زیندەبەچاڵکراوو بە دەمە شۆفڵ خاک و خۆڵ بەسەردا کراوبوون. قەسابخانەیەکی ترسناکی پلانڕێژ و بەبەرنامەی جێبەجێکارانی حیزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی و ئەنجومەنی شۆرشی سەدام حسەین بوو، کە بە ڕاسپاردە، کوڕە مامی سەدام حسەین، عەلی حەسەن مەجیدی ناوبراو بە عەلی کیمیای سەرکردایەتی دەکرد.

تا ئیستاش، لە بیرەوەری عێراقیەکان دا، بە تایبەتی کوردەکان، وتە تاوانبارییەکانی ئەم تاوانبارە ماوە لە دل و دەروونیان دا، کە وتوویەتی: هەموویان دەکوژم بە چەکی کیمیایی.... کێ بەرهەڵستی دەکات... کۆمەڵی دەوڵەتان؟ واوەتر چن بۆ جەهەنم، کۆمەڵی دەوڵەتان وئەوانەی لەسەریاندەکەنەوە، تەنها بە یەک ڕۆژ وازیان لێناهێنم، بە لێدانیان بە چەکی کیمیایی، بەڵکو تا ١٥ ڕۆژ بە بەردەوام، بە چەکی کیمیایی لێیاندەدەم و هێرشدەکەمە سەریان، تا دەیانفەوتێنم.

هەر لەوکاتەی کە ڕژێمی سەدام، پرۆسەی سەربازی دوژمنکارانەی جێبەجێدەکرد دژ بە گەلی کورد، بۆ لەناوبردن و پاکاتاوکردنی بەکۆمەڵ ڕەگەزییان، سەدام حسەین، نمایشێکی گەلاوی پێشکەشدەکرد ، داوای گەڕانەوەی هێزی ئۆپزسوێنی عێراقی لە کوردستان دا دەکرد، بۆ نوێکردنەوەی ڕێکەوتن و گفتوگۆکردن لەگەل ڕژێم دا.

ئەم پیسی و گلاوییە، لە باسکردن و چاوەڕوانکردن تێپەڕیبوو، بەڵام ئەمە خەسڵەتی ناسینەوەی هەموو ستەمکارانە لە جیهان دا. لە کاتێکدا کە دەستی دابوە کۆمەڵکوژی دەرهەق بە گەلی کورد و منداڵ و نەوەی ئەم گەلە و کۆمەڵێک لە نەتەوەکانی تر، داوای لە حیزبەکانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی و سوسیالیست و حیزبی شیوعی دەکرد، کە بگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆردن بۆ چارەسەکردنی کێشەکان لەگەل ڕژێم دا.

ئۆپزسوێنی عێراقی، هەموویان، ئەم دەسپێشخەریە شێتانە تاوانییەیان ڕەتدەکردەوە، و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ڕژێمی تاوانبار، بۆ داپۆشین و تێپەڕاندنی تاوانە چەپەڵەکانی دژ بە خەڵکی بێتاوان وسڤیل، لە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران هەڵەبجە دا، داوای گتفوگۆدەکات!.

ڕژێمی عێراقی ڕوخاو، هەندێک لە سەرکردەکانی، سزای دادپەروەرانە درا بەسەریاندا و هەندێکیشیان چاوەڕوانی دادگایی و جێبەجێکردنی سزای دادپەروەرانە دەکەن. .. بەڵام گەلی کورد، لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عیراق دا، سەرلە نوێ، کەوتنەوە سەرپێ، بۆ پێکهێنانەوە و دروسکردنەوەی کوردستان و عێراق، و لەسەر بنەمای نوێی سەربەستی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ ومافی نەتەوە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. .. گۆرانکاریەکان، دەبێت چاکسازی و بەرژەوەندی خەباتگێرانی بەردەوام و گەلی کورد و هەموو گەلی عێراق لە خۆبگرێت، بە تایبەتی قوربانیانی دەستی داپلۆسێنەران و سەرکوتکاران و ڕەگەزپەرستان و فاشیەکان.

قوربانیانی شکۆمەند، بە خۆڕایی و بە تەپن ناڕۆن، بەڵام، ئەمە بەسنیە، بەڵکو دەبێت، هەمیشە بیرمان بێت هۆکارەکانی بە عاقاربردنی وڵات، بەڕەو ئەم تراژیدیا و تەنگەژەیە، و خەباتکردن و هەوڵدان لە پێناوی دووبارە نەبوونەوەی دا بەردەوام بێت، دژ بە هەموو ئەو هێزانەی کە ستەمکاری و زوڵم و توقاندن دووبارە دەکەنەوە، لە ژێر هەرچ ڕوخسارو ئاراستەو حیزبێک دا بێت. دەبێت زۆر ئاگادار و وریابین، ئەو بەعسیانەی لە دەرگا گەورەکانەوە دەرپەڕێندران، لە پەنجەرەکانەوە نەگەڕێنەوە.

جوانترین بەخشیش بۆ قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە، خۆی، لە خەباتێکی شێلگیرانەدا دەبینێتەوە، لە پێناوی قەدەغەکردنی گێژەنگ و ململانێی سیاسی و پراکتیکەکردنی هێزی تووندوتیژی، و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکان، بە عەقڵانی و، بە ڕێگایەکی ئاشتیانە و گفتوگۆ و بە پێی بنەماکانی دیموکراتی و دەستووریی لە عێراق دا.

دەبێت لە پێناوی شکۆمەندی شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجەدا بوەستین و یادیان لە دڵ و دەروناندا زیندوبێت، شەرم و خەجاڵەتیش بۆ هەموو ئەوانەی بە هەرشێوەیک لە شێوەکان بووە بەشداریان کرد لەم پرۆسە بەدناوەدا.

داوابکەین لە هەموو عەرەب، لە هەرکوێیەک هەبن، ئەوانەی کە هەڵوێستیان وەرنەگرتوە دژ بە ڕژێمی سەدام حسەین، و ئەم پرۆسە بەدناوانەیان شەرمەزار نەکردوە، ئیدانەی ئەم پرۆسە و قەسابخانە خوێناویانە بکەن کە سەدام حسەینی دیکتاتۆر و ڕژێمەکەی بەرپایانکردن دژ بە گەلی کورد بە تایبەتی، و دژ بە گەلی عێراق بە گشتی.

پیرۆزترین و جوانترین ڕێز بۆ شەهیدانی گەلی کورد و هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق هەوڵدانێکی جددیە، بۆ دروستبوونەوە و نوێکردنەوەی شارەکان و گوندەکان و دامەزراوەکان و کێڵگە وێرانکراوەکان، بە دەستی سەدامیە فاشیەکان، و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان بە دەست و دلێکی فراوانەوە.

جوانترین خەڵات، بۆیان، داواکردن لەو هێز و دەوڵەتانەی کە سەدام حسەینی چەکدار کرد، بە چەکی وێرانکاریی، لە ناویاندا چەکی کیمیایی، بە داوای لێبوردن لە گەلی کورد و هەموو گەلی عێراق و قەرەبووکردنەوەیان بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ناوچە و دەڤەرە کاولبوەکانیان و هەموو ئەوانەی زیانیانلێکەوت و توشی نەخۆشی دەرونی و دەماریی بوون.

ئێمە، داوادەکەین، لە حکومەتی ئیتحادی لە بەغداد، و لە هەرێمی کوردستان و هەولێر، و هەموو هێز و حیزبە سیاسیەکانی عێراق، بۆ دانانی بەرنامەیەکی داڕێژراو، بۆ پێکهێنانەوە و دروستبوونەوەی سەرلەنوێ شارەکان و گوندە کاولبوەکان و قەربووکردنەوەی زیانلێکەوتوان لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆسەی تاوانی ئەنفال دا و پێکهێنانی لیژنەی بالا بۆ ئەم مەبەستە.

سەردانەکەم بۆلای سەرۆک کۆماری عێراق

بۆچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت؟

کێشەکان چۆنچۆنی چارەسەر دەکرێن؟

بەشی چوارەم
عارف کەریم – ستۆکهۆڵم

ئەگەر کەمێک بگەڕێمەوە بۆ دواوە و لەسەر ئەزموونی سیاسی خۆم بنووسم ، دەبێ باسی شەستەکان بکەم کە چۆن مامەڵە کراوم ، چونکە هەتا ئێستایش من یەکێتی و مام جەلال بە بەشێک لەو سیاسەتە دەزانم کە لە شەستەکاندا پیادەیاندەکرد .ساڵی ١٩٦٤ من خوێندکار بووم لە زانستگای موسل و لەهامانکاتدا بەرپرسی هەموو ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتانیانی کوردستان بووم و بەهۆی هەڵەیەکی خۆمەوە گیرام و ماوەی ٤٥ ڕۆژ لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بووم و نەیاندەهێشت کەس چاوی بە من بکەوێت و لە ژووڕێکی ٢ x2مەتریمیان خزاندبوو بە تەنها ، پاش لێکۆڵینەوە منیان گواستەوە بۆ زیندانی گەورە و گشتی و لە زیندانی تەنهایی ڕزگارم بوو و چەند مانگێک لەوێ مامەوە و دوایی منیان دا بە دادگای (امن الدوله) لە کەرکوک کە نەچووم و جارێکی تریش هەر بانگیان کردمەوە ، بەڵام هەر نەچووم و بە کەفالەتیش بەربووبووم ، تا دواجار بە بێ ئامادەبوونی خۆم (غیابا) حوکم درام و ئەمری گرتنم بۆ دەرچوو . بەهۆی ئەوەوە ساڵی ١٩٦٥ ڕامکردە ئێران بۆئەوەی لەوێ یاخود لەوڵاتێکی تر مشووڕێکی خۆم بخۆم ، بەڵام ساواک منیان گرت وئیفادەمیان وەرگرت و لەبارەگاکەیان لە شاری سنە دەستبەسەرمیان کرد و مامەڵەی میوانیان لەگەڵم دەکرد نەک زیندانیی و هەموو مەسرەفێکیشیان دەکێشام و بەڕۆژ دەچوومە دەرەوە بۆ گەڕان و دوای نیوەڕوان دەگەڕامەوە بۆ ئەوێ بۆ پشوودان . ئەوکاتە عەگید سدیق کە خۆی مامۆستا بوو- پێشتر بەرپرسی لقی چواری پارتی بوو – لەوناوەبوو (ئیتر نازانم نوێنەری بارزانی بوو یاخود بە ڕێکەوت لەوێ بوو) دواتریش پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ حکومەت دایمەزراند بە پارێزگاری بابل (حلە)، ئەگەر پارتی نەڵێ خەت مائیلی خۆمان بوو لای حکومەت !

عەگید سدیق هاتە لام بۆ بارەگای ساواک و وتی: کوڕم ئەمانە دەوڵەتن ! تۆ چۆن سنوور دەبەزێنی؟نازانی دەتگرن و تووشی کێشە دەبیت ؟ وتم : کاک عەگید من منداڵ نیم وقوتابی زانستگام و پاونراوم و بۆ شایی و زەماوەند نەهاتووم بۆ ئێرە .... دواجار وتی تۆ دەگیرنەوە بۆ لای خۆمان و چاوەڕوانبە.

پاش چەند ڕۆژێک ماشێنێکی پڕ لە جامەدانە سوور هاتە بەردەمی بارەگای ساواک و وتیان فەرموو سوابە لەگەڵمان . ماشێنەکە بەڕەو گوندی ساوجی کەوتە ڕێ .

ئەوسا مەرحوم بارزانی بارەگای خۆی هێنابوە گوندی ساوجی نزیک سنووری عێراق- ئێران لەناوچەی پێنجوین ، وابزانم گوندەکە سەر بە ئێران بوو . منیان لەوێ فرێدا بەبێئەوەی هیچ بڵێن . ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان و ئەفسەرەکانی شۆڕش لەوێ بوون ، بەڕێکەوت مەرحوم تایەر عەلی والی بەگ لەوێ بوو کە پێشتر دەمناسی و منی بردە مااڵی خۆیان و میوانداری کردم ، ڕۆژی ئایندە پێکەوە پیاسەمان دەکرد، عەبدولوەهاب ئەتروشی بەرەوڕووماں هات و یەکسەر بەشێوەیەکی ڕەق بە منی وت: تۆ جەالئیت!، خەریک بوو وەاڵمی بدەمەوە ، بەاڵم کاک تایەر پێیوت: عەبدولوەهاب ! هەقت نییە بەسەریەوە و ئەویش بێدەنگ بوو !، ئەوزەمانە جەالاڵی و مەاڵیی هێشتا چنگیان نەخستبوە خوێنی یەکترەوە ، دەتتوانی بچیتەوە بە گڕ دەمی هەموو کەسێکدا!!

دوای دوو ڕۆژ بارزانی پاش نیوەڕۆیەکی دەمەو عەسر لە دووری ٥٠ مەترەوە منی لەگەڵ کاک تایەر بینی و وتبوی ئەو سەر ڕووتە کێیە؟ ئەوانیش تێیانگەیاندبوو .

بارزانی بە ڕۆژ دەنوست و بە شەو بە خەبەر بوو ، هەر لەوکاتەدا کەمن لەوێ بووم هەنری کێسنجەر – وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و ئەمیر عەباس هوەیدا – سەرۆک وەزیرانی ئێران سەردانی بارزانییان کرد لە گوندی ساوجی، کۆبوونەوەی خۆیان لەگەڵ کردو گەڕانەوە، دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە ماشێنی سوپای ئێرانی سەردابۆشراو هاتنە ساوجی و بارەکانیان دادەگرت و دەگەڕانەوە .

پێشنەوەی گوندی ساوجی جێبهێڵم ، داوام لە مەرحوم مەحمود بەگی گۆڵی کرد کە ڕوو لە بارزانی بنێن بۆئەوەی یارمەتیم بدات و بەڕەسمی بچمەوە ئێران ، کە پێیان وت ، بارزانی لەوەاڵمدا وتبووی: ئەمە کێشەمان بۆ دروستدەکات ، با بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی و خۆیشی دوای چەند ڕۆژێک تاوی ئەسپەکەی داو لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری خۆی ، گەیشتە کۆڕەپانی سیاسی و چووە بەغدا و لەوێ دایکوتا ، ئیتر سەرپەڵنەدایەوە هەتا ئەو ساڵانەی دوایی کە بیستم لە ئیدارەی گشتی دایانمەزراندووە و ئیستایش بەدەرەجەی وەزیر خانەنشین کراوە !!!

سەردانی شێخ عوبێدوڵڵای بارزانی لە بەغدا

ساڵی ١٩٧٤ زانستگای سلێمانی دووجار منیان پاالوت بۆ خوێندن لەدەرەوەی وڵات ، یەکێکیان بۆ دکتورا لە دیراساتی کوردیدا لە سۆڤیەت و ئەوی تریشیان بۆ ماجستێر لەئابووریدا لەفەرەنسا ، لەهەردوو جارەکەدا دەبوایە وەزارەتی خوێندنی باال ئەو کەسە لە فیلتەری خۆیان بدەن و لێی دڵنیا بن ، ئەوجا ڕێگەی پێبدەن بڕواتە دەرەوە و لێرە لە وڵات مووچەکەی بۆ خەرج بکەن و لەوێش لەدەرەوەی وڵات مەسرەفی بکێشن .

جاری یەکەمیان من دوای کارەکە نەکەوتم بۆ بەغدا و گوێم نەدایە ، واتێگەیشتبووم کە کۆسپ نایەتە بەردەم و جێبەجێبوونی مسۆگەرە ، بەاڵم بە پێچەوانەوە من تاقە کەسێک بووم کە ڕێگەیان پێنەدام بڕۆمەدەرەوە .

بۆ جاری دووەم دوای کەوتم و بۆی چوومە بەغدا و ئیتر تێگەیشتم یان دەبێ بووبیت بە بەعسی ، یاخود سەربە ڕێکخراو یان حزبێکی کوردی کارتۆنی بیت ، یان پاڵپشتێکی باشت هەبێت بۆئەوەی لەسەر حسابی حکومەت بچیتە دەرەوە بۆ خوێندن . من هیچ یەکێک لەمانە نەبووم .

بەڕێکەوت برادەری جوانەمەرگ ، مەرحوم شازاد جەمیل سائیب لەبەغدا بوو ، باسم بۆیکرد کە شتێکی وا هەیە و ئەویش مەرحوم شێخ عوبێدوڵڵای دەناسی و وتی: دەچینە الی بزانین چیمان بۆدەکات ، ئەوکاتە شێخ عوبێدوڵڵا وەزیری دەوڵەت بوو ، کەچوویند الی ، منی بەو ناساندو لەگەڵ ئیمە زۆر جوامێر بوو ، ڕێزی زۆری لێگرتین و کەوتە تەلەفۆنکردن بۆ وەزیری خوێندنی باال و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی لە وەزارەت ، کە قسەکردن بووەوە یەکسەر پیرۆزبایی لەمن کردو وتی: کارەکەت جێبەجێ بوو.

ئەوکاتەی ئیمە الی ئەو دانیشتبووین، مەرحوم عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەال ماتۆر) و لیوا کەمال موفتی هاتن بۆ الی شێخ عوبێدوڵڵا .

ڕۆژی ئایندە کەسێک بەناوی هۆشەنگ ئەنساری تەلەفۆنی بۆ من کرد بۆ ئوتێل و وەکوو یەکێتی قوتابیانی کوردستان خۆی پێم ناساند و بە منی وت : حەزدەکەین سەردانمان بکەیت و ئامادەین بۆ هەموو یارمەتیدانێکت . منیش ناونیشان و تەلەفۆنەکەیانم وەرگرت و وتم : سەرتان لێدەدەم ! ، بەاڵم نەچووم ، الی ئێوارەی هەمان ڕۆژ من و حەمە سدیقی محامی و چەند برادەرێکی تر یەکمانگرت و لە یانەی وەزارەتی ڕاگەیاندن دانیشتبووین و چپاندم بە گوێی حەمە سدیقدا و وتم : شتێکی وا هەیە و جووڵەیەکم بۆبکە ! وتی: بەخوا لەگەڵیان نەبیت هیچت بۆناکەن !!ڕۆژی دوای ئەوە دەمویست خۆم کۆبکەمەوە و بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی ، یەکێک لە ئیدارەی ئوتێل وتی تەلەفۆن تۆی دەوێ، سەیرمکرد شێخ عوبێدوڵڵا بوو کە وتی حەزدەکەم سەرێکم لێبدەیت ، کەچووم ، ئەمجارەیان گەرمتر لە جاری یەکەم پێشوازی لە من کرد و پاش قاوەخواردنەوە و نەختێک قسەکردن تێمگەیاند کە دەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی و ئەم کارە ئەوەندە هاسان نییە!، ئەویش وتی : کاک عارف تۆ ئازادیت ، بڕوابکە بۆ تەوالێتیش دوان لەو سەگانە بە دوامەوەیە و پێم ناخۆشە بەو شێوەیە دەگەڕێیتەوە . وتم: یاشێخ من سوپاسی جەنابت دەکەم و تۆ درێخیت نەکردووە و چی لەدەستت هاتووە کردووتە و یارمەتی زۆری منت داوە ، بەاڵم ئەوان بریار و ڕۆتینی خۆیان هەیە و ڕەنگە بۆ من دەست نەدات !! دوایی خواحافیزیمان لێیەکتر کردو الی ئەوم جێهێشت .ئەمجارەشیان وەزارەتی خوێندنی بالا منی قەبوول نەکرد بۆ چوونە دەرەوە !!!

لێرەدا کە باسی شێخ عوبێدوڵڵای بارزانی دەکەم ، دەمەوێ بە خوێنەر و ڕۆشنبیری گەلەکەمان بڵێم : ئەو پیاوە هاوڕێ و هەقاڵی تێکۆشانی من نەبوو ، بەڕاسپرسم نەبوو ، ئەوە یەکەمجار بوو بە هۆی برادەرێکی خۆمەوە بچمە الی و بیناسم ، دیسان ئەویش کارێکی بە من نەبوو ، بەاڵم کاروکردارو پیاوەتی و یارمەتی و قسەی شیرینی ئەو بۆمن زۆربوو کە بیرم ناچنەوە ، هەرچەندە من نامەوێ ئەمە تێکەڵ بە زرووفی شەخسی ئەو لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی و ڕژێمدا بکەم ، بەاڵم کە ئەمە بەراورد دەکەم لەگەڵ ئەوانەی ئازاری منیانداوە لەژیانی سیاسیمدا و ژانی زۆریان کردە دڵمەوە و بەهەموو شێوەیەک پەالماریاندام ..... ئاسمان و ڕێسمان دەبینم!!.

ڕەنگە هەبێ و بەمن بڵێ : بۆچی سکااڵو گازندە دەکەیت و ئەم قسانە هەڵدەڕێژی؟سوودیان چییە؟ ، لەوەاڵمدا دەڵێم: ئەوانەی من نووسیومن هەمووی مانای ئەخالقی و سیاسی خۆی هەیەو ڕەنگە دەرس و پەندی باش بدەنە ئەوانەی دەیانەوێ باش لەمەسەلەکان بگەن و هەڵسەنگاندنی نوێ و زانستانە بۆ کەسەکان ، دیاردەکان ، ڕووداوەکان ، بۆ خەبات و تێکۆشان بکەن لەداهاتوودا و هەرشتەش هەقی خۆی بدەنێ .